اقليم كوردستان العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء
مجلس المفوضين

Kurdistan Region - Iraq
The Independent High Elections and Referendum Commission
Board of Commissioners

هەرێمی کوردستان عێراق
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی
ئەنجومەنی کۆمسیاران

# بریار

## سکاڵا و تانەی قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری

پاڵپشت بە برگەی (٤) لە ماددەی (٦) وە برگەی (٢) ی مادەەی (٩) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٤ و مادەی ٣١ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ هەموار کراو ئەنجوومەنی کۆمسیاران دەسەلاتی چارەسەرکردن و یەکلایکردنەوەی ئەو تانەو سکالاو ناکۆییانەی هەیە کە لە ئەنجامی خۆ ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی هەڵبژاردن و راپرسیە گشتیەکان دێنە ئاراوە)، ئەنجوومەنی کۆمسیاران سەیری گشت ئەو سکالایانەی کرد کە پێشکەش کرابوون لە تۆماری دەنگدەران لە ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە رێکەوتی (٢١٠٨/٧/١١ ) تا (٢٠١٨/٨/١٨)، ئەو سکالایەی لە لایەن قەوارەی (هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەی ) پێشکەش کرابوو، ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە کۆبوونەوەی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٨/٨/٢٩ سکالایەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەی یەکلایی کردەوە :

ئەم سکالایەی کە ئەم قەوارەیە پێشکەشی کردووە خۆی لە دوو خال دەگرێتەوە :

تایبەت بە خالی یەکەم ، دوای پەسەندکردنی تۆماری دەنگدەران لە لایەن ئەنجوومەنی کۆمسیاران ، لایەنی زەرەر مەند بۆی هەیە تانە لە بریاری ئەنجوومەنی کۆمسیاران بگریت لە ماوەی ٣ رۆژی لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی بریارەکە بەپێی برگەی (٥) لە ماددەی (٩) لە یاسای کرمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن وراپرسی ژمارە ٤ ساڵی ٢٠١٤ .

تایبەت بە خالی دووەم لە سکالایەکە ، ماوەی پێشکەشکردنی سکاڵا لە تۆماری دەنگدەران لە رێکەوتی ٢٠١٨/٧/١٢ وە دەستی پێدەکات نەك لە ١٢ / ٢٠١٨/٨ کە بەردەوام بوو هەتا ٢٠١٨/٨/١٨ ، وەهەر سکالایەك لەو ماوەیە پێشکەش کراوە کۆمسیۆن وەری گرتووە بەدواداچوونی بۆ کردووە .

ئەنجوومەنی کۆمسیاران
٢٠١٨/ ٨/ ٢٩